ژمارە :

٢٠١٦/٨/٢٩ ی زایینی

## فەرمانی زانکۆیی

## بابەت / بەڵگەنامەکانی کەمگیری

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی ژمارە (١٩١) لە ( ٢٠١٢/١/٢٢) کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی لیژنەی ناوەندی پەرەپێدانی زانکۆ و پەیمانگاکان، و پشت بەستن بە نوسراوەکانی نوسینگەی سەرۆکی زانکۆ ژمارە (١٢٩ لە ٢٠١٦/٤/١٨) کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ.

ئاماژە بە ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستکردنی حکومی ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٦) مادده (٢٤ پانزەیەم)، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بریارماندا بە :-

ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بەڵگەنامەکانی تەندەرین لەو پرۆژانەی لە خوارەوە ناو و برگەکانیان هاتوە:-

### یەکەم / سەرجەم تەندەرکان

١-بەشداربوان بارمتەی بەشداری کردن لە تەندەر بەشێوەی بەڵێننامە بێنن کەلە بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ئامادەکراوە لەبری (خطاب ضمان یان چەکی پەسەندکراو یان نەختینە). پاڵپشت بە ڕێنمایی ناوبراو (ماددەی ٢٧سێ یەم).

### دووەم / کرێی ساڵانەی (کافتریا، کۆشکی وێنەگری)

پاڵپشت بە ماددەی (١٦) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت کرێی ساڵانە بە دوو قسیت وەردەگیرێت (سێ بەشی یەکەمیان لەگەڵ واژۆکردنی گرێبەست و کۆتا بەشیان لە نیوەی دووەمی خوێندن) ئەگەر کرێیەکەش نەدرا لە ماوەی (١٥) رۆژ لە نیوەی دووەمی خوێندن ئەوە ڕێوشوێنی پێویستی یاسایی جێ بەجێ دەکرێت.

**سێ یەم / کارپێکردن و چاککردنەوەی ئامێرەکانی بەشە ناوخۆیی لە ڕانیە و قەڵادزێ**/ ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ بەڵگەنامەکانی پرۆژەکە زیاد کرا :-

١- براوەی کێبڕکێ لە ماوەی (١) یەك مانگ هونەریەکانی زانکۆمان فێری کارپێکردن و چاککردنەوەی ئامێرە هونەری و میکانیکیەکان دەکات .

٢- براوەی کێبڕکێ پابەندە بە کارپێکردن و چاککردنەوە لە ماوەی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی تاقیکردنەوەکان و بڕی کرێی مانگانەی بە پێی ڕۆژی کار بۆ خەرج دەکرێت لە ژێر ڕاسپاردەی لیژنەی سەرپەرشتیار.

٣- ئەگەر دەوام بە هۆی ( بایکۆت ، پشوو، هەر بیانویەکی تر ) نەبوو بۆ ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ و زیاتر ئەوە کرێی مانگانەی بە پێی ڕۆژانی کار بۆ خەرجدەکرێت کە لیژنەی سەرپەرشتیار پەسەندی دەکات.



General Street
Rania / Al-Sulaimania
Kurdistan Region – Iraq

http://www.raparinuni.org
legalaffairs@raparinuni.org
: +964 (0) 7480194268

شەقامی گشتی
ڕانیە – سلێمانی
هەرێمی کوردستان - عێراق